# کوردناسی ڕووس پیوتەر لێرخ
## (١٨٢٧ - ١٨٨٤)

د. جەبار قادر
(هۆڵاند)

پیۆتەر ئیڤانەڤیچ لێرخ ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێکی ناوداری ڕووسە. لەساڵی ١٨٢٧، یان ١٨٢٨ هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی پیترۆپاڤلۆڤسک لە سان پیتەربورگ تەواو کرد. لە ساڵی ١٨٥٠دا کۆرسێکی ڕۆژهەڵاتناسی لە کۆلێژی فەلسەفە خوێند. هەر لە قوتابخانەوە ئەوە دەرکەوت کە حەز لە توێژینەوە و زانست دەکات. زۆر زوو دەستی کردبوو بە زانیاری کۆکردنەوە و تێبینی تۆمار کردن. دوای تەواوکردنی کۆرسەکانی، دڵخۆش بوو بەو کارانەی دەیکردن و وەک زۆر لە هاوەڵەکانی هەوڵی بەدەستهێنانی پلە و پایەی بڵندتری نەدەدا. بۆ ماوەیەک کۆنووس و پرۆتۆکۆلەکانی ئەکادیمیای زانستی دەنووسی. بەوەی کە لە نزیکەوە زانایان دەبینێ و لە گەڵیاندا دادەنیشێ و تێبینی و بۆچوونەکانیان تۆمار دەکات و گوێ لە گفتوگۆ و باس و خواسە زانستییەکانیان دەگرێت زۆر دڵخۆش و بەختەوەر بوو. لە ساڵی ١٨٧٧دا کرا بە بەڕێوەبەری کتێبخانەی زانکۆی پیتەربورگ. مایەی ئەوپەڕی کامەرانی بوو بۆ لێرخ ژیانی لە ناو کتێبدا بەسەر بەرێت. ئەو دەروێشی زانست بوو، هەموو کات و ژیانی بۆ کای زانستی تەرخان کردبوو و بە کەمترین پێداویستییەکانی ژیان قایل دەبوو. کاتی زۆری بۆ یارمەتی قوتابیان و توێژەران تەرخان دەکرد و بە سەعاتان بە دوای کتێبدا دەگەڕا بۆ ئەوەی کارەکانیان ئاسان بکات، تا پێی دەکرا خزمەتی دەکردن.

یەکەمین بەرهەمی زانستی لێرخ لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا لە زنجیرە کتێبی "کتێبخانە بۆ خوێندنەوە" لە ساڵی ١٨٥١دا بڵاوکردەوە. باسەکەی بە ناوونیشانی "حەوت ئەستێرە لە ئاسمانی شیعری

فارسیدا"بوو. لەم بەرهەمەیدا باسی لە مێژووی گەشەکردنی شیعری فارسی و شاعیرە ناودارەکانی فارس کردووە.

ساڵی ١٨٥٨ کەوتە تەک گەشت و گرووپەکەی سەرهەنگ ئیگناتۆف بۆ بوخارا و خێوە. لەوێوە کۆمەڵێ دەسنووس و دراوی کۆنی دەستکەوت و بۆ (سان پیتەربورگ)ی بردنەوە. بەشێکیانی بە ئەکادیمیای زانستی دا و بەشێکی تریشیان بە موزەی بەناوبانگی ئێرمیتاژ و کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی، کە لە ساڵی ١٨٦٠ تێیدا بە ئەندام وەرگیرا و لە ساڵی ١٨٧٣ بوو بە سکرتێری کۆمەڵەکە. کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی ناوەندێکی گرنگ بوو لە بواری شوێنەوارناسی و توێژینەوەی مێژوویی، زمانەوانی و ئیتنۆگرافی. لێرخ چالاکانە لە کارەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا بەشداری دەکرد و زۆری حەز لە شوێنەوارناسی کرد و چەند وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەو کۆمەڵەیە پێشکەش کرد، هەندێ دۆزینەوەی ئەرکیۆلۆژیشی خستە ڕوو و باسی لێوە کردن. ئەم وتار و کۆڕانەی لە بەرگەکانی ٥ و ٦ گۆڤاری "دەنگ و باسەکانی کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی"دا بڵاوکراونەتەوە.

لە ساڵی ١٨٦٥ گەشتێکی ئەرکیۆلۆژی بۆ دەڤەرەکانی ئۆڵۆنیتسک، ڤۆڵۆگۆدسک و ڤیاتسک کرد و ئەنجامەکانی لە "ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ئەرکیۆلۆژی" هەمان ساڵدا و لە کۆنفرانسی ئەنترۆپۆلۆژی و مێژوویی نێودەوڵەتیش لە کۆپنهاگن لە ساڵی ١٨٦٩ پێشکەش کرد. بەهەمان شێوە وتار و تێبینی لە گۆڤاری کۆمەڵەی شوێنەوارناسیی مۆسکۆ "دەنگوباسی ئەرکیۆلۆژی" لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاوکردەوە. لە "Petersburger Zei-.St tung"ش لە ژمارەکانی "١٣٢" و "١٣٣" ساڵی ١٨٦٠، گۆڤاری وەزارەتی فێرکردنی گشتی ساڵی ١٨٦٨ بەشی "١٤٠" و ساڵی ١٨٦٩ بەشی "١٤٨" و بلوتەنی ئەکادیمیای زانستی ساڵی ١٨٦٩ بەرگەکانی "٥" و "٩"، هەواڵەکانی کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆژی، وتارەکانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی شوێنەوارناسی و هەواڵەکانی کۆمەڵەی جیۆگرافی (بەرگەکانی ١، ٥، ١٠) نووسینی لە مەڕ ئەنجامی کار و چالاکییەکانی لە بواری شوێنەوارناسیدا بڵاوکردەوە.

لێرخ لە میانەی کارکردنیدا لە بواری شوێنەوارناسیدا، پرسە فیلۆلۆژییەکانی دەخستە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.



**پیوتەر لێرخ**

لە بەرگی ١ و ٢ی "Orient Und Occident"دا لە ساڵی ١٨٦٢ وتاری بڵاوکردووەتەوە. لە بلوتەن و دەنگوباسەکانی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیاشدا هەمیشە وتار و لێکۆڵینەوەی هەبووە. هاوکارێکی چالاکی "Russische Revue"ش بوو. لە فەرهەنگی ئیسکلۆپیدی بێریزینیش هاوکار بوو.

لە دەسپێکی حەفتاکانەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە بوارەکانی زمانەکانی پەهلەوی، زەند ئاڤێستایی و سەگەدی. ئەو گەلێ لە گرێکوێرەی دراوە دێرینەکانی کردەوە و نووسینەکانی سەر ئەو دراوانەی خوێندەوە، کە دەمێکی درێژ بۆ زانایان مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو بوون، بە تایبەتی ئەوانەی لە بوخارا لە سەدەکانی حەوت و هەشت لە سکە درابوون. ئەو موژدەیەی لە کۆنگرەی سێیەمینی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتناسان لە سان پیتەربورگ لە ساڵی ١٨٧٦ بە زانایان ڕاگەیاند و لە بەرهەم و باسەکانی ئەو کۆنگرەیە بڵاوکراونەوە. لێرخ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لە سەر دراوەکانی بوخارا بە ناوونیشانی "دراوەکانی خودانەکانی بوخارا" ئامادەکرد و هەر لەوێدا باسی لە مێژووی ماوەرائولنەهری لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا کردووە. زیاتر لە نیوەی ئەم کارەی تەواوکردبوو، کاتێ لە پەلوپۆ کەوت و

ماسوولکەکانی لە کار کەوتن. نووسەران هۆی ئەم نەخۆشی و پەککەوتنی بۆ هەوڵی لە ڕادەبەدەری بۆ سەرکەوتنی سێیەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان دەگێڕنەوە، کە ئەرکی ئامادەکردنی خستبووە سەر شانی خۆی و هەرچی توانایی هەبوو لەو کارەدا خەرجی دەکرد. نەخۆشکەوتنی باوکی و مردنی مامیشی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەم کارەساتەی کە لێرخ تووشی هات.

لە دەستوپێ کەوت و هیچی لە بیر نەمابوو، بۆ ماوەیەکی زۆر نەیدەتوانی قسە بکات و وەڵامی هیچ پرسیارێک بداتەوە. دوای ئەوەی هەندێ باری تەندروستی چاک بوو، بۆ چارەسەری زیاتر لە سەر خواستی دکتۆرەکان چوو بۆ ئەڵمانیا، هەرچەندە تەندروستی کەمێک باشتر بوو، بەڵام ئەو بیری هەر لای ڕووسیا بوو و خەونی بەوەوە دەبینی بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە دەست بە لێکۆڵینەوە و کاری زانستی لە سان پیتەربورگ بکات. ئەو خەونەی نەهاتە دی و لە ئەیلوولی ١٨٨٤دا لە هامبۆرگ کۆچی دوایی کرد.

لێرخ بە یەکێ لە باشترین ڕۆژهەڵاتناسەکان دەژمێردرێ، هەر کارێکیان پێی بسپاردایە، زۆر بە باشی ئەنجامی دەدا. کاتی زۆری بۆ خوێندکاران و توێژەران تەرخان دەکرد و ئەرکی پێیانەوە دەکێشا و خواستی زاناکانی بەجێ دەهێنا. بیری لە خۆی و داهاتووی خۆی نەدەکردەوە. قەت دەرفەتی بۆ نەلوا نامەی ماستەرەکەی تەواو بکات. بە وتەی نووسەرێکی ڕووس "ئەو هەر خەریکی خەڵک بوو بیری لە خۆی نەدەکردەوە".

لێرخ ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێ بیر و بۆچوون، کە لە کتێبەکەی ئێرنەست ئێدوارد کونیکی ئەڵماندا لە بارەی بنەماکانی میتودی ڕەخنەیی لە زانستە مێژووییەکاندا باسی کردبوون، وایان لەم کرد لە بارەی مێژوو، زمان و ژیانی خێڵە کوردەکانی ئێرانەوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات. ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ساڵی ١٨٥٦ دەرکەوتن و بەشی یەکەمی بە ناوونیشانی "لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالدییە باکوورییەکانی باو باپیرانیانەوە" بڵاکردەوە. ساڵی دواتریش هەردوو بەشی دووەم و سێیەمی بڵاوکردنەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو زانیارییانەی بەکارهێنا کە لە بارەی زمانی کوردییەوە بەدەستی هێنان، ئەویش لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ ڕوسلاڤل لە ناوچەی سەمەلێنسک، بۆ لای ئەو دیلە کوردانەی کە لە شەڕی کریمی نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا گیرابوون و برابوونە ئەو شارە. ژمارەی کوردەکان ١٠٠ کەس دەبوون. ڕۆژنامەی "سێڤرنەیا پچێلا" هەواڵی هێنانی ئەو کوردانەی بۆ ناوچەی سەمەلێنسک ڕاگەیاند بوو و ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا لێرخی ڕاسپارد لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو کوردانە بکات. ئەوانە کوردی باکووری کوردستان بوون و کوردی زازاشیان تێدا بوو. لێرخ گەلێ زانیاری فۆلکلۆر و ئیتنۆگرافی لەو ماوەیەی لە گەڵیاندا بوو کۆکردەوە. ئەوەی دیلە کوردەکان دەیانوت لێرخ دەینووسییەوە و هەموو تێکستەکانیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی. ماوەی سێ مانگ لەگەڵ ئەو دیلانەدا کاری کرد و زانیاری زۆری لە بارەی شێوازی ژیان و زمان و کولتووری کوردەوە لێ وەرگرتن. لە ئەنجامدا ڕێزمانێکی زمانی کوردی دانا و کۆمەڵێ تێبینی لە "بولەتەنی ئەکادیمیای زانستی"دا لە بەرگەکانی "١٤" و "١٦" بڵاوکردەوە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی کوردیدا.

لە بەرگی یەکەمدا پێشەکییەکی فراوانی لە بارەی ئایین، ئەدەب، ژیانی کوردەواری، خوونەریتی کورد و خێڵە کوردەکان لە هەردوو ئیمپراتۆری ڕووسی و عوسمانی و ئێران نووسیوە. ئەم بەرگە لە ساڵی ١٨٥٦ بڵاوکرایەوە. لێرخ بە خۆی شانازی زۆری بەوەوە دەکرد کە ئەم بەرهەمەی ئەو یەکەمین کتێب بوو لە بارەی کوردەوە کە پێشکەش بە زانایان کرا. لە پێشەکییە کورتەکەیدا باسی ئەوەش دەکات کە کەڵکی لە شەرەفنامە وەرگرتووە، هەروەها ئەو دەستنووسانەشی بینیوە کە پرۆفیسۆر دیتێل لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوون. لیستی فراوانی خێڵە کوردەکانی تۆمار کردووە، بەشی دووەمی لە ساڵی ١٨٥٧ و بەشی سێیەم فەرهەنگ و زانیاری ئەدەبی ١٨٥٨. زانای کوردی سۆڤیەتی قەناتی کوردۆ " کوردۆیەف" لێرخ بە بناغەدانەری کوردناسی ڕووسی دادەنا.

بۆ ئەو سەردەمە مێژووییە، ئەم زانیارییانەی لێرخ نوێ بوون و نە لە ڕووسیا و نە لە دەرەوەی ڕووسیاش لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە ئەنجام نەدرابوون. ئەو خاوەن بەهرە بوو و هەموو قسەیەک کە دەیکرد واتای خۆی هەبوو و لە لای زانایان بە جددی وەردەگیرا. کێشەی

گـەورەی لێــرخ ئەوە بـوو کــە لەســەر بابـەتێک ئارامی نەدەگـــرت و بەردەوام نەدەبوو، زوو زوو دەســـــتی لە بابەتێکی زانسـتی بەردەدا و دەسـتی بە بابەتێکی نوێ دەکـرد بۆ ئەوەی دوای بڵاوکـردنەوەی کـتـێـبـێک، یان بەرهەمــێکی زانســـتی واز لەویش بێنێت و دەست بە بابەتێکی دی بکات.

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

**١- فـەرهەنگی بیـۆگرافی ڕووسی، لە بڵاوکـراوەکـانی کۆمەڵەی مێژوویی شاهانەی ڕووسیا، سان پیتـەربورگ ١٩١٤، ل٣١٧ - ٣١٩ " لە سـەر تۆڕی ئینتـەرنێت لە سایتی کتێبخانەی دەوڵەتی ڕووسیا " دانراوە (بە زمانی ڕووسی).**

**٢- پیۆتەر لێرخ، لێکۆڵینەوە لە مەڕ کوردەکانی ئێران و باوباپیرانیان خالدییە باکوورییەکان، لە سێ بەرگدا، ســان پیـــتــەربورگ ١٨٥٦ - ١٨٥٨ ( بە زمـــانی ڕووسی): دکـتـۆر عـەبدی حـاجی کـردوویە بە عـەرەبی، بڕوانە: لیرخ، دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة د. عبدي حاجي. دمشق، ١٩٩٢.**

**٣- مـوسـائیلیـان. ژ. بیـبلیـۆگـرافیـای کـوردناسی، مۆسکۆ ١٩٦٣ "بە زمانی ڕووسی"هەمان بیبلیۆگرافیا لە ساڵی ١٩٩٦ لە سـان پیتـەربورگ لە دوو بەرگدا چاپ کـــراوەتەوە، دوای دەوڵەمـــەندکـــردنی بە زانیـــاری بیـــبلیـۆگـــرافی لە ســـەر ئەو کـــتـــێب و وتارانەی لە شەسـتەکـان، حەفـتـاکـان و نیـوەی یەکەمی هەشتـاکـانی ســەدەی ڕابوردوودا لە بـارەی کــورد و کــوردســـتــانەوە بڵاوبوونەتەوە.**

**٤- کـوردۆیەف، ک. ک، کـارەکـانی پ. ئی. لێـرخ لە بارەی کــوردناســـیـــیــەوە، لە "کــورتەی مــێــژووی ڕۆژهەڵاتناسـیی ڕووسی"، مـۆسکۆ، ١٩٥٩، ل ٣٩ - ٥١: هەروەها، "کارەکانی ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەت"، بڵاوکراوی ٤، ١٩٤٠، ل. ٢١٥- ٢١٦ و ٢١٩ - ٢٢٠.**